سودانی و تەماس سایلەر تاوتوێی پەیوەندییە دوو قەبیلەکانی نێوان عێراق و یەکێتی ئەورووپا دەکەن

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق تەماس سایلەر و تاوتوێی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایان کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران باڵوێکردەوە:-لە میانەی دیدارەکەدا تاوتوێی پەیوەندییە دوو قەبیلەکانی نێوان عێراق و یەکێتی ئەورووپا و گرنگی ئاڕاستەکردنی هەوڵەکان کرا بۆ هەماهەنگی زیاتر و ئەنجامدانی هاوبەشی ئابووری بەرهەمدار لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپادا.

هەروەها گفتوگۆیان لەسەر توانەکانی بەهێزکردنی هەماهەنگی لە بواری فڕۆکەوانی مەدەنی و ئەو هەوشەنانە کرد کە گیراونتەبەر بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی عێراق لە ئاسمانی ئەورووپا.

هەر لە دیدارەکەدا باس لە هەماهەنگی کرا لەگەڵ بانکەکانی وەبەرهێنان و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی ئەورووپا بۆ پتەوکردنی ئەزموون و پشتیوانیکردنی پڕۆژەکانی پەرەپێدانی کەرتی

تایبەت لە عێراق.

لە دیدارێکدا تاوتوێی بارودۆخی تراژیدی غەزە و سیاسەتە دوژمنکار و تاوانکارییەکانی هێزەکانی داگیرکەر لە دژی هاوڵاتیانی سڤیل کرا و جەخت کرایەوە لەسەر پێویستی ڕاگرتنی هێرشەکان و گەیاندنی یارمەتی بە فەڵەستینییەکان.